# ئەمشەو بەرنامەی دەنگی ڕەسەن لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنی میزۆپۆتامیاوە بڵاودەکرێتەوە! ...

فەخرەددین تاهیر

بەرێزان هەروەك ڕوون و ئاشکرایە لەلاتان و پێشتریش چەند جارێك ڕامانگەیاند بوو، کەوا بەرنامەی ناوبراو هەر دوو هەفتەجارێك لە ڕۆژانی سێشەمە بڵاودەبێتەوە و هەمان بەرنامەش لە رۆژانی یەکشەموان دوبارە دەبێتەوە. بەرنامەی ئەمشەولە ڕێکەوتی < 2004-03-09> دا وکاتژمێری<19:30>دا پەخش دەکرێت و بەڵام هەمان بەرنامە شەوانی یەکشەموان لە کاتژمێری<19:15>دا بە کاتی ناوەندی ئەوروپاوە دوبارە دەبێتەوە.
ئەوەی شیاوی باسە بەرنامەی ئەمشەومان یاد و بەسەرکردنەوەی ژنەسترانبێژی کورد < ئایشەشان >ی نەمرە و بە یادی ئێوەی بەرێزی دەێنینەوە و چەند لایەنێکی شاراوەی ئەم ژنەسترانبێژە خێرنەدیوەی کورد دەخەینە ڕوو.
لەم بەرنامەیەدا ژنەسترانبێژی کورد< مەرزیە فەریقی > خۆشەویستمان بۆ یاد و بەسەرکردنەوەی هەموو ژنەسترانبێژەکانی کورد بە گشتی و < ئایشەشان >ی هونەرمەند بە تایبەتی بە چەند ئاخاوتنێکی گرنگ و سەنگین و شیرین و بە سترانێکی تازەی خۆی گوڵشەنی بەرنامەی دەنگی ڕەسەن زێدەتر دەخەملاٚنێ، تکایە ئەمشەو ئەم بەرنامەیە لە دەست خۆتان مەدەن.
لە دوماهیدا ڕێز و خۆشەویستم بۆ گشت لایەك دوبارە دەکەمەوە ...!!

e. mail: fakhraddintahir@hotmail. com

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET